جیهانگیر جەلیلی

# بە دوای پزیشکدا

لە فارسییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

لەگەڵ ئەوەی هێشتا نیوەشەو دانەهاتبوو، کەچی لە دەرگەی هەر تیمارگەیەکم دەدا وەڵامێکم بەرگوێ نەدەکەوت. هەموو نۆژداران یان لەم شارەدا نەماون، یان چوونە نەخۆشان تیمار بکەن! هیچ کەسێک خۆی لە کێشە و گرفتی من ناگەیەنێت، هیچ پزیشکێک بۆ ئەوەی خواوەند لە خۆی رازی بکات دیار نییە و خۆی پیشانی من نادات.

ئەوەندە نەخۆش و ماندووم بە ئاستەم گریانم بەند کردووە. تاک و تەنیا روو لە هەر کەسێک دەکەم وەڵامم بەرگوێ ناکەوێت. لە دەرگەی پزیشکێکی نەناسراوم دا، سەرم سوڕما کە بەردەستەکەی وا زوو دەرگەی بۆ کردمەوە و لە ژووری چاوەڕوانیدا چاوەڕێ بووم پزیشک پێ و قدووم بهێنێت.

پاش پێنج خولەک نۆژداری بەڕێز بە پێجامەوە هات و دوای ئەوەی باش لێم وردبووەوە، بێ ئەوە بپرسێت بۆچی هاتووم دەستی گرتم و لێدانی دڵی دەژماردم.

دەمگوت: دوکتۆری بەڕێز من نەخۆش نیم، دەمەوێت ئەگەر زەحمەت نەبێت بەڕێزتان ببەم بۆ ئێلیخ تەماشای ئافرەتێکی نەخۆش بکەن – بەڕێز دوکتۆر پەلە بکەن باری تەندروستی ئافرەتە نەخۆشەکە شرە _ بۆ تەماشاکردن و تیمارکردنی نەخۆشەکە چیت بوێت دەتدەمێ.

دوکتۆر بە بزەیەکەوە پۆزێکی لێ دا و دەستی سڕیم کە لە ناو دەستیدا بوو، ئەم جار

گوتی گرینگ نییە، ئەمشەو لێرە بمێنەوە، سبەینێ بەیانی هەردووکمان پێکەوە دەچینە ئێلیخ!!!

دەمگوت دوکتۆری بەڕێز باری تەندروستی ئافرەتە نەخۆشەکە زۆر شڕە، داوای لێبووردن دەکەم، تکایە وەرە ئەمشەو بڕۆین تەماشای بکە.

دوکتۆر هیچی بەسەر خۆی نەدەهێنا و دەیگوت: خێرە. هیچ گرینگ نییە، ئەمشەو لێرە بمێنەوە سبەینی بەیانی زوو پێکەوە دەڕۆین، ئەگینا بە هیچ شێوەیەک پێچەوانەی ئەم کارە روو نادات.

هەرچی بە زمانی شیرین بە قوربان و سەدەقەی دوکتۆر دەبووم هیچ سوودێکی نەبوو. دوکتۆری بەڕێز بەرامبەر بە من خۆی کردبووە قەندە شیرینە.

بۆ ئەوەی راستگۆییی داخوازییەکانی خۆمی بۆ بسەلمێنم پێنج بانکەنۆتی دە ریاڵیم خستە سەر مێزی دوکتۆر و داوام لێ کرد زوو بەڕێ بکەوێت.

ئەمجار دوکتۆرم بینی سەرەڕای تەمبەڵی بە چاوێکی خراپەوە سەرنجی دەدامێ، ئیتر خۆی پی نەگیرا و ئەو شوێنەی بەجێ هێشت، منیش هەرچیم لە زار هاتنە دەرێ هەواڵەی دوکتۆرم کردن.

بەوپەڕی نائومێدی و تووڕەییییەوە لە ماڵی دوکتۆر چوومە دەرەوە و شێت ئاسا کۆڵان و شەقامەکان بە دوای دوکتۆرێکی تردا دەگەڕام.

تووڕەیی گەرووی گرتبووم، نەمدەتوانی نە بگریم و نە بۆ باری ئاسایی خۆم بگەڕێمەوە.

ناتوانم بە دەربڕین و رستەی بە پێز ناخی خۆم بۆ ئێوە باس بکەم. ناتوانم بڵێم چۆن چۆنەکی دوکتۆرێکی بێ ویژدان بە وەڵامێکی فیز زلانە و ئاڵۆشگەرییەوە دڵی شکاندم و لە ژیانی وەڕس کردم. من ناتوانم باش باسی ئەو حاڵەتە بکەم کە خۆشەویستترین کەسی یەکێک نەخۆش و بێ چارە شایستەی ئەوە بێت هاریکاری بکرێت و هیچ کەسێک نەبێت دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات، ئەو کات چی بەسەر دێت. حوکمی ئەم داخوازییە بەرەو رووی ئێوە دەکەمەوە.

دەگەمە شەقامی سەرەکی شار و دەرگەی ماڵی یەکەمین دوکتۆری ناسراوی شار توند دەکوتم، بەردەستێک سەر دەهێنێتە دەرەوە و دەڵێت چیت دەوێت، دەڵێم کارێکی پێویستم هەیە، دەمەوێت چاوم بە خودی دوکتۆر بکەوێت، دەچێتە ژوورەوە، دوای ئەوە پرس بە دوکتۆر دەکات، دێت و دەمباتە لای نۆژدارێکی رەوشت و نەفس پاک.

پیاوێکی تا رادەیەک باڵا بڵند، لە ناوەڕاستی ژوورێکی گەورەدا سەرقاڵی پیاسە دەبێت.

لەبەرئەوەی ئەوەند پەرێشانم سڵاویش لە یاد دەکەم، بە شڵەژان و شپرزەییەکی ئەوتۆوە کە لە باسکردن نایەت دەڵێم «گەورەم هەرچیت بوێت دەتدەمی "پەروین"م نەخۆشە، ئەگەر نەیەیت، ئەوە ئەمشەو دەمرێت».

دوکتۆر کە پەرێشانی و نیگەرانیم دەبینێت، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گوێم بۆ شل دەکات و دوای خولەکێک سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەبێت و بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێ دەکەوین.

هەموو دڵێک چوون یەکتری یەکسان نییە، هەستکردنی چاکەی هەموو ئادەمیزادان لە یەک پلەوپایەدا نابێت.

هەمان ئەو بەشەی کە دڵێکی لێواولێو پڕ رق و کینە و ئیرەیی و هەزاران خەسڵەتی تری خراپیان هەیە، بەرامبەر بە مانیش دڵانی بە بەزەیی و باش و پڕ لە سۆز هەن. پاش چەند خولەکێک دێینە خوارەوە، کە بە ئاشکرا لە قسەکردندا شێوەزاری ئاخافتنی تورکانەی پێوە دیارە، دەگەینە دەرگەی پەروین و رادەوەستین.

داپیرەی تریاککێش چرا دەهێنێت و دەچینە ژوورەوە.

نووزەیەکی بە ئاستەم لە قەرەوێڵەکەی پەروینەوە بەرز دەبێتەوە. دوکتۆر بەوپەڕی دڵسۆزییەوە تەماشای دەکات و پاش روانینێکی ورد نزیکەی نیو سەعات دەخایەنێت پێم رادەگەیەنێت کە: «بێ چارە تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بووە، جگە لەوەی ریخۆڵەشی لە ئاکامی میکرۆبی شێرپەنجەوە بریندار بووە و چارەسەر ناکرێت، چەند نەخۆشییەکی لەوەیش نزیک، نەخۆشییەکەیان گرانتر کردووە و، برینەکانی "سیفیلیس"یش کاری خۆیان لە ناخ و دەروونیدا کردووە، من ئێوە بێ ئومێد ناکەم، ئەگەر ئارەزووتان لێیە دوکتۆرێکی تریش بهێننە تەماشای، بەڵام من دڵنیام کە ئەگەر کارێکی پێچەوانە لە میزاجیدا روو نەدات ئیتر بە هیچ شێوەیەک نەخۆشەکە چارەسەر ناکرێت، لەوانەیە ئەمشەو ...».

دوکتۆر قسەکانی تەواو ناکات و دەست بە سوعبەت و گاڵتەکرن لەگەڵ مندا دەکات بۆ ئەوەی دڵم بداتەوە.

هەرچەند دەکۆشم و هەوڵ دەدەم دەستهەقی هاتنەکەی وێ بدەم دوکتۆر لێم وەرناگرێت و بەوپەڕی میهر و سۆزەوە رەتی دەکاتەوە و دڵسۆزانە خواحافیزی دەکات و دەڕوات.

سەرچاوە: (دریای کوهر – دکتر مهدی حمیدی)
ل ٣٩٢-٣٩٥ چاپ هفتم _ ١٣٤٨ هەتاوی